## دکتۆر شادمان فوئاد مەستی

## لە مەکدۆنیاوە بۆ چیاکانی کوردستان

**ئامادەکردن: گۆران سەلام محەمەد**

ناوم ( شادمان فو ئاد مەعروف)ە باوکم لە ساڵی 1938 ژ یانی هاو سەرگیری پێکهێ ناوە, برا گەورەکەم ناوی (میران)ە لە ساڵی 1939 لە دایکبووە, منیش لە ساڵی 1943 لە سلێمانی لە دایکبووم, مامم (تۆفیق وەهبی) ئەو ناوی کوردی لێناوین, واتە ناوی کوردی لە ماڵی ئێمەوە دەستی پێکرد و بڵاوبوویەوە, بۆ نموونە هیچ کەسێك نییە ناوی شادمان بێت و لە من پیرتر بێت, هەرچی ناز ناوی (مەستی)یە تورکەکان بۆ باوکمیان داناوە, لە قۆناغی سەرەتایی لەسەر پرسیارێك کە لە مامۆستایەکم کرد یەك ساڵ دواخرام لە خوێندن, پرسیارەکەش ئەوە بوو مامۆستای ئایین گوتی هەرچی کارێك لە ژیانماندا ئەنجامی دەدەین ئەوە خودا پێمان دەڵێت, منیش گوتم مامۆستا وانییە, ئەوە مرۆڤ خۆیەتی بیر دەکاتەوە کە چی بکات و نەکات, خودا شتێکی دیکەیە و بیرکردنەوە شتێکی دیکەیە, گوتی چۆن؟ گوتم ئەگەر باران بباریێت هەندێك لە کۆڵانەکان کە گڵە دەبن بە قوڕ, ئەو کۆڵانانەش کە پاکن, نابن بە قوڕ, ئەگەر من لە قوڕەکانەوە بڕۆم ئەوە قوڕاوی دەبم, ئەگەر لە پاکەکانەوە بڕۆم قۆڕاوی نابم, واتە ئەوە خۆمم بیر دەکەمەوە و بڕیار دەدەم لە کوێوە بڕۆم, کە وام گوت کەوتە جنێودان پێم, بە شەق کردمییە دەرەوە, بە دار لێی دام و قاچم شکا, ساڵێکی خوێندنم فەوتا.

ئیدی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری سلێمانی تەواو کرد, لە پۆلی شەش نمرەیەکی بەرزم هێنا و لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موسڵ ناوم هاتەوە, ساڵی 1963 لە موسڵ خوێندکار بووم, لەلایەن خوێنکدارانی زانکۆی موسڵەوە سووکایەتیمان پێ دەکرا, بەتایبەت کچەکانیان دەچوون دەفتەرەکانیان دەدڕانین و جنێویان پێ دەدراین, بەهۆی ئەوە و بەهۆی تێکچوونی دۆخی سیاسی عێراقەوە هەروەها شەوێك لەلایەن کەسێکەوە ئاگادارکرامەوە کە سبەی بڕیارە لە موسڵ کۆمەڵکوژی بکرێت, بۆیە هەرچی زووە سبەی موسڵ بەجێبهێڵە, موسڵم جێهێشت, هۆکاری ئەوە بوو ژمارەیەك سەربازی حکومەتی عێراقی لەلایەن پێشمەرگەوە کوژرابوون, حکومەت ویستی تۆڵە بکاتەوە, ئەو کەسە کە پاسەوانی شوێنی مانەوەی ئێمە بوو, گوتی دەتوانم تەکسیت بۆ بگرم و بگەڕێیتەوە بۆ سلێمانی, منیش هاتمەوە هەولێر و دواتر هاتمەوە سلێمانی و لە ماڵی خاڵۆم (باوکی دکتۆر یادگار) خۆم شاردەوە.

باوکم پێشتر کۆلێژی سەربازی لە تورکیا تەواو کردبوو زمانی تورکی دەزانی, داوای لێکردم لە ئەستەنبوڵ بواری پزیشکی بخوێنم, منیش قایل بووم, خۆی هات لەگەڵم لەوێ مامەڵەکەشی بۆ کردم, ئێمە لە تورکیا وەکو خوێندکارانی کورد چالاکی سیاسیمان هەبوو, بە ناوی یاری تۆپی پێ دەچووینە دەرەوەی ئاوەدانی و کۆبوونەوەمان دەکرد, دواتر و لە ساڵی 1963 بەمەبەستی خوێندنی پزیشکی لەسەر ئەرکی دارایی خۆم ڕووم لە وڵاتی چیکۆسۆڤاکیا کرد و دەستم بە خوێندن کرد, تا قۆناغی شەشی پزیشکی لە چیکوسلۆڤاکیا بووم, ئەو کات بۆنی شەڕ دەهات, حکومەتی چیکۆسلۆڤاکیا زۆر نزیك بوو لە حکومەتی عێراقییەوە, پەیمانی سۆڤیەت بوونی هەبوو, منیش چووم هەموو کاغەزی تاقیکردنەوەکانم

دەرهێنا و له زانكۆ مۆرم كرد, چونكه گومانی مەترسیم هەبوو بۆ سەر كوردانی ئەوێ, خۆم چووم بۆ پۆلیس و گوتم من نا مەوێت لەم وڵا تە بم, خزمم هە یە له توركیا دە مەوێت بڕۆم, له كاتێكدا چوار تاقیكرد نەوەم مابوو بڕوانامە كەم وەربگرم, هەروەها هەموو هاوڕێكانم ئا گادار كردەوە ئەوەی پ ێی دەكر ێت بچێت دۆ سیەكەی دەربهێن ێت, چونكه زۆر ئه ستەمە ب توانن بمێن نەوە, بۆ یە خۆ تان بڕۆن باشترە, لەو كاتە میرانی برام له مەكدۆنیا بوو, چوومە مەكدۆنیا هەر لەوێ ژیانی هاوسەرگیریم پێكهێ نا و خێزانیشم كۆلێژی پزیشكی تەواو كرد, دوا تر چوومە یوگسلافیا و ساڵی 1978 كۆل ێژی پزی شكیم لەوێ تەواو كرد.

بڕیار مدا بگەڕێ مەوە بۆ كورد ستان, ها تمە ئه ستانبوڵ پا سپۆرتێكی نایا سایيان بۆ گەڕا نەوە له ئێرانەوە پێدام, ئەو كات بەو پاسپۆرتەوە له ئێران دەستگیربكرامایە له سێدارە دەدرام, پا سپۆرتەكەم له هەڤاڵ عومەر دەبابە وەرگرت, تەما شام كرد پا سپۆرتێكی تەزویری ئیتاڵی یە, مـ نیش یەك و شە ز مانی ئیتاڵیم نەدەزانی, بیرم كردەوە بچم فەرهەنگێك بكڕم و خۆم فێری چەند وشەیەكی زمانی ئیتاڵی بكەم, تاكو لە دۆ خی لێكۆڵی نەوە و گوما ندا خۆمی پێ دەر باز بـكەم, چووم كڕیم و ها تمە ئوتێل و دە ستم پێكرد, جارێكی دیكە تەماشای پاسپۆرتەكەم كردەوە دەبـینم چەندین فـیزای تەزویری لێ دراوە, بەڵام ئەوەی جێی پرسیار بوو مێژووی دەرچوونی پاسپۆرتەكە لەو فیزایانە نوێ تر بوو وا تە بەپە لە كرا بوو هەڵەی تیا كردابوو, من بە بینینی ئەوە زۆر تێكچووم, بەخۆم گوت ئەمە وەك لە سێدارەدان وا یە, دوا تر هەڤاڵانم تێگەیا ند و هەڵە كەیان خـستە سەر یەكێك له هەڤاڵان, گوتم ئه مە هە ڵە نی یە, ئه مە بە كوشتدانە, ئیدی پاسپۆتەكەم پێدانەوە.

كورد ستان لە بیری مـندا دەرنەدە چوو بڕ یارم دا بوو بگەڕێ مەوە, لە مە كدۆنیا خـێزان و مـنداڵم هەبوو, كوڕێكم سێ ساڵ بوو ئەوی دیكە سێ مانگ بوو جێمهێ شتن, خـێزانم مە كدۆنی بوو, كـچی خێزانێكی شۆڕشگێڕ بوون له دۆخی من تێدەگەیشتن, چونكه باوكی خێزانم كاتی خۆی پارتیزان بووە, بۆیە ئەگەر شۆڕشیش نەبووایە من هەر دەها تمەوە خز مەتی گو ندەكانم دە كرد, كە گەڕا مەوە چوومە نەخۆشخانەی شۆڕش, پێش من له شۆڕ شدا تەنها د. خدر بوونی هەبوو, دوا تریش د. هەژار عو سمان هات, بووین بە سێ پزیشكی شۆڕش, له ڕا ستیدا نەخۆ شخانە نەبوو, وا تە زۆر سادە بوو, بەڵام پێ یان دەگوت نەخۆشخانە, پێش من د. خدر زۆر ماندوو بوو بوو, چونكه هەموو كارەكان خۆی كرد بووی, من كە گەیشتم زۆر هاوكاریم كرد.

ئەو نەخۆشخانەیە له ڕاستیدا ژوورێكی بچوك بوو, تووشی شۆك بووم لەبەر ئەوە ژ یان تێ یدا زۆر قورس بوو, بەڵام كۆڵم نەدا, ئەوكات كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان بەهێزترین ڕێكخراوی ڕێكخـستنی سیاسی بوو, له ڕووی بیروباوەڕ و ئازایەتی و مەردایەتی و هەتا جلوبەرگیشەوە جیاواز بوون و لە پێش هەمووا نەوە بوون, وا تە بەهێزترین پێ شمەرگەكان پارتیزا نەكانی كۆمە ڵە بوون, بە بینین یان د ڵم دەكرایەوە, من لەسەر كۆمەڵە ئەژمار دەكرام, هاوكات جیاوازیم له نێو پێشمەرگەكاندا نەدەكرد كە سەر بە ڕەوت و ئایدیای جیاواز بوون, من وەك و پزیشك كارم دەكرد, زۆر جار سارێژی دیل و زیندانی یەكانم دەكرد.

من و د. خدر و د. هەژار هێندە ئەرکمان قورس بوو, هەر یەکەمان لا یەکی تەندرو ستی شۆڕشمان دەبرد بەڕێوە, د. هەژار زۆر چالاك بوو, دەیویست جەو لە بکات, نە یدەتوانی دابنیشێت, زۆر ئازابوو, جارێك پێشمەرگەیەکی بریندار پێویستی بە خوێن بوو, د. هەژار خوێنی خۆی پێدا, گوتم مە کە نەخۆش دەکەویت خوێنت کەمە, گوێی پێنەدام, کەچی نەخۆشیش کەوت, ئەو سنوورانەی ئێمە زەلێ و خڕی ناوزەنگ و شێنێ بوو, شەوێك هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا نەخۆش بوو, کەس نە یدەوێرا دەرزی لێ بدات, هەر کەس لەوە دەترسا نەوەك لە سەر دە ستی ئەو شتێکی لێ بە سەربێت, داوا یان لە من کرد, منیش چووم چەند دەرزییەم بۆ کرد, میوانی هەبوو هەر چەندە نەخۆش بوو, بەڵام میوا نەکانی فەرامۆش نەکرد.

کاری تەندروستی و نەشتەرگەری و تەداوی بۆ من زۆر ئاسان بوو, چونکە من سێ مانگی لە سەر یەك لە یەکێك لە نەخۆشخانە سەربازییەکانی یوگسلافیا کارم کرد بوو, داوام لە بەڕێوە بەری نەخۆشخانەکە کرد کە دۆخی کوردستان زۆر خرا پە پێویستیان بە منە, بۆیە تکات لێدەکەم ماوەی شەش مانگ مۆڵەتم پێ بدە بچمەوە خزمەت بکەم, بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەك گوتی باشە و ڕێگەی پێدام, هەروەها داوای بینینی وێنەی بریندار و چۆنێتی چارەسەرکردنی بریندارانی جەنگی جیهانیم کرد, تاکو ئەزموونی پزیشکی جەنگم هەبێت, ئەوەشیان پێدام, من لەو نەخۆشخانەیە هەموو کارێکی قورسم کردبوو, تەنها کونکردنی قورگ نەبێت بۆ هەناسەدانی دۆخی مەترسیدار ئەویش ڕێکنە کەوێت بێتە بەردەستم.

ئیدی گەڕامەوە کوردستان یەکێك لەو ڕووداوا نە بریندابوونی هەڤاڵ محە مەدی حاجی مەحمود بوو, خوێن لە سنگیدا بوو, دۆخی زۆر خراپ بوو چارە سەرمان کرد, هەروەها هەڤاڵێکی دیکە بریندار بوو لە مردندا بوو, زۆر ئازاری هەبوو, من دەستم کرد بە چارە سەر کرد نی و ڕزگار مان کرد, هەروەها گوندنشینان کێشەی زۆری مار و دووپشکیان هەبوو, بەردەوام دەهاتنە لای ئێمە چارە سەرمان دە کردن, لە نەخۆشخانەکە دوو کچمان لابوو کە تازە بوو بوون بە پێشمەرگە بە ناوی ( بەیان و نازەنین), کە خوێندکاری بەشە پزیشکییەکان بوون, واتە هەر وەکو پزیشك وابوون, من ڕۆژێك ئەو دوو هەڤاڵەم نارد بۆ تاران بۆ پەیداکردنی دەرمان.

لە شەڕێکدا تۆپباران کراین, بریندارمان زۆر بوو, هەمیشە ئاگادار یان دەکر مەوە کە پاڵ بکەوم, بەڵام من هەر بە پێوە چارەسەری برینداەکانم دەکرد و بەسەر بریندارەکاندا دەگەڕام, لەو شەڕە بیر مە سەرەڕای کاری پزیشکی من یەکەم کەس بووم یەك مەخزەن فیشەکم نا بە فرۆکەکەوە, پێیان دەگوتم بۆ وا دەکەی خۆ فیشەکی پێناگات, گوتم بەڵکو پێی بگات! دەیان گوت نا فیشەکەکان بە فیڕۆ دەچن.

لێرەدا دەمەوێت باسی د. نەبەز بکەم, کە کادیرێکی تەندروستی وریا و پێشمەرگەیەکی ئازا بوو, لە هیچ نەدەترسا, لە شەڕێکدا بریندار دەبێت, بۆ ئەوەی بە دیلی نەکەوێتە دە ست دوژ من خۆی شەهید دەکات, دواتر پێشمەرگەکان بۆ یان گێڕا مەوە کە ئە گەر وای نەکردا یە هێندەی نەمابوو بگەین پێی و ڕزگاری بکەین, بیرمە لە تۆپبارانەکاندا کۆتا کەس بوو دەها تە چاڵی خۆ شاردنەوەکەوە (کو نە تەیارە), بێ ئەوە خۆی تێك بدات, زۆر شێنەیی بوو, کە دەهاتە چوورەوە جگەرەیەکیشی دادەگیرساند.

پاش ماوە یەك توو شی نەخۆ شییەکی دەگ مەن بووم, کێ شم لە 74 کیلۆگرا مەوە بوو بە 57 کیلۆگرام, دوای ماوەیەك پێیان ڕاگەیاندم بگەڕێ دواوە, واتە نارد یانم بۆ سوریا, پاش ماوە یەك ویستم بگەڕێمەوە بۆ کوردستان, ڕێگەیان نەدام, دواتر چوومەوە بۆ مەکدۆنیا, لەوێ لە کار دوورخرابوو مەوە, پاش هەوڵدانێکی زۆر لە ساڵی 1983 کاریان پێدا مەوە, ڕۆ شتنەوەم بۆ مە کدۆنیا لە سەر داوای هەڤاڵ مام جەلال بوو, حکو مەتی چیکۆ سلۆڤاکیا پەیوە ندی پ تەوی هەبوو لە گەڵ حکو مەتی عێراق یدا, لە بەرامبەر ئەوە ئێمە ویستمان پەیوەندی لەگەڵ مەکدۆنیا پتەو بکەین, بۆیە هەڤاڵ مام جەلال پێشنیاری گەڕانەوەی هەمان وڵاتی پێشووی بۆ کردم, گوتی تۆ دەبی بە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی ئێمە, هەروەها ئەوانیش ستەملێکراو بوون.

من لە شاخ تەواوی ڕووداوە کانی ڕۆژم دەنوو سیەوە, بری ندار و دۆ خی پێ شمەرگە و چارە سەرەکان, هەروەها لە مە کدۆنیاش بەردەوام زان یاری و نەخ شەی ڕەن گاوڕەنگ و پێوی ستم دە ناردەوە بۆ شۆڕش, ئێستا نازانم لە کوێن, بەهیوام ئەگەر ماوە پێم بدەنەوە یان چاپی ب کەن, هەروەها هەڤاڵ حە مەتۆفیق ڕەحیم لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوە بوو, شتەکانم دەدا بە ئەو, یەکێك لەو کارا نەی دیکە کە لە مە کدۆنیا بۆ پر سی کورد کردم, پی شاندانی وێ نەی بەرکەو تەی کیم یایی بوو بە جیهانی دەرەوە, لە ڕا ستیدا دە چووم وێ نەی بەرکەو تەی کیم یایی جەنگی جی هانیم دەهێ نا و وە کو بری نداری کورد دەمناساندن, تا ڕایەکی گشتی لە ناوەندە ئەوروپییەکاندا لەسەر دروست بکەین.

ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە خۆم و خێزانم و هەردوو کوڕەکەم لە دەرەوەی وڵات دەژین و لە وڵاتی خۆم خاوەنی یەك دەرزی نیم, هیچ قەرەبوو و پاداشت و موچەکم نییە.

بەداخەوە د. شادمان لە 2023/7/24 لە مەکدۆنیا کۆچی دوایی کرد.

چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ شادمان فوئاد مەعروف (د. شادمان فوئاد مەستی), 2022/8/3.



**د. شادمان فوئاد مەستی**



**دانیشتووەکان لە چەپەوە سێیەم د. شادمان فوئاد مەستی**

**چوار دکتۆری شاخ لەم وێنەیەدا بەشدارن**

**(د. شادمان, د. شاڵاو, د. خدر, د. هەژار)**



لە ڕاستەوە د. هەژار عوسمان. د. خدر مەعسوم, د. شادمان فوئاد مەستی